Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
2 (2), pp. 24 - 36
*http://www.ijoks.com*

# The dimensions of God in selected poems of Kareem Dashti

**Hawzhin Sliwa Essa**[1],

**Received:** February 15, 2016 **Reviewed**: March 25, 2016 **Accepted:** April 16, 2016

## Abstract

This study, entitled (The Dimensions of God) deals with one of the Kareem Dashti's poems that presents a bunch of the above mentioned dimensions which reflect the God's existence. The writer has quoted similar texts from other Kurdish poets to enrich his study and to reinforce the theme which he skillfully explains. All the selected quotations here serve the chief thought of the subject. The explanation of the text is clarified by some meaningful diagrams. The aesthetics of the text and its surface structure & deep structure are accurately analyzed as well.

**Keywords:** Kurdish literature, modern literature, Kareem Dashti, poetry, dimensions of God.

Recommended citation:
Essa, H. S.. (2016). The dimensions of God in selected poems of Kareem Dashti. *International Journal of Kurdish Studies 2 (2)*, 24 - 36. DOI: http://dx.doi.org/10.21600/ijks.49264

[1] Corresponding Author: Dr., hawzhen.slewa@koyauniversity.org

# زانكۆی كۆیه- فاكەڵتی وەروەردە- بەشی كوردی

پێشەكی:

كەریم دەشتی خاوەن دەنگێكی تایبەتە لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، شیعرەكانی ڕەهەندێكی فیكری و فەلسەفی لەخۆ لای پەیامگر، خوێنەر ڕاپێچ دەكەن بەرەو كۆلانی پێچاو پێچ، كۆلانی تەنكژ تەنكژ, كۆلانی دەرنەچوو، یا وا لەخوێنەردەكات ڕێگای دەرچوون بۆخۆی بدۆزێتەوە و گرێ پووچەكان یەكە یەكە بكاتەوە.

سەرەتا بیرۆكەی نووسینی توێژینەوەكە كاركردن بوو لەبارەی شیعرێكی شاعیر، واتا بەناوی (ڕەهەندەكانی پەروەردگار لەشیعرێكی كەریم دەشتی دا)، دواتر وەك هەلقەو زنجیر، یەكەم شیعری بەكارهاتوو لەم توێژینەوەیە، چەندان دەقی تری بەدوای خۆی داهێناو وەك داو و دەنكەكانی تەزبیح زۆربەی شیعرە بەكارهاتووەكان پەیوەندییەكی پتەوەیان بەیەكەوە هەیە و تیشكێكی زۆر خراوەتە سەر دەقی یەكەم، بەلام لەبەر بەكارهێنانی كۆمەڵێ دەق و پەل و پۆدار بوونی تێژینەوەكە ناچار بووین ناوی لێبنێین(ڕەهەندەكانی پەروەردگار لە شیعرەكانی كەریم دەشتی دا).

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، كە شاعیر لەم بوارەودا قوڵ بۆتەوەو شیعری زۆری نووسیوە. لەگەڵ ڕاڤەكردنی یەكەم شیعر پێویستمان بەدەقی تری شاعیرو دەقی شاعیرانی ترهەبوو.

توێژینەوەكەشمان خۆی لەسێ تەوەرەدا دەبینێتەوە، لە تەوەرەی یەكەمدا كە بەناوی (ڕاڤەی دەق)ە، بەوردی شۆڕبوینەتەوە بۆنێو جیهانی یەكەم دەق و بەهێڵكارییەوە ڕوونمان كردۆتەوە. لەتەوەرەی دووەمدا كە بەناوی (كاریگەری و دیوەكانی تری شیعر)، باسی كاریگەری خودیمان كردووە، كە چۆن چەند دەقێك لەكەش و هەوایەكی هاوبەش دەخرێنە ڕوو، ئینجا باسی (زایاندن)ی دەقمان كردووە.لە تەوەرەی سێیەمدا، كە لە ژێر ناوی(دەق لەنێوان سادەیی و ئاڵۆزیدا)یە، باسی ستاتیكای دەقەمان كردووە، كە بە چ جۆرە زمانێك دەنووسرێت.

تەوەرەی یەكەم: ڕاڤەی دەق:-

هەندێ جار لەنێوخەوندا خەون ئەبینم

لەنێو شووشەی ئاودا بیابان ئەبینم

بۆ لووتكە ئەچم ئەگەم بەبنار

لەنێو دەریادا تەرمی شەپۆل و نەورەسی كەنار

لەنێو تابلۆدا مەرگی ڕەنگەكان

هەموو شتێ لەمەداری خۆی ترازاوە

تەنها تۆ نەبیت وەك شەوقی ئەزەل

وێنەکانت بە ڕۆحی منا چەسپاوە(فەیس بووکی کەریم دەشتی،24-12-2015)

شاعیر زۆربەی جار، بۆدەربڕینی تەعبیرەکانی ئەم جۆرە ستایلە بەکاردێنێ، بەلآم هەرجارەو بەجۆرە وێنەیەك و جیهانبینییەکی نوێتر، واتا شاعیر شیعرەکەی لە بیرۆکەیەکی چەند ڕەهەندیی پێشکەش دەکات، ڕاستەوخۆ ناوی خودا ناهێنێ, یار بەلای ئەوەوە یارێکی ئەزەلییە، جا کەسانێك ئەم یارە وەك مەعشوقێکی مەجازی بەرجەستەدەکەن، ئەوا حەقی خۆیانە، چونکە خوێنەر دەخاتە دووڕیانی ڕوانینەکان، وەك شیعرێکی فرە ڕەهەند پێشکەشی دەکات، ئەگەر چی لەم شیعرەدا ـ وەك لە زۆربەی شیعرەکانی تردا ـ مەبەستی ڕووی کردگارە کە لە نوورو جوانی و نەمری بەرجەستەیان دەکات. لەمەغزاکانی ئەم شیعرەدا، هەموو حەقیقەتەکان تەنانەت ئەو حەقیقەتەی کەوا ئاوەز, پەی پێنابا کە بگۆڕێن، بەلای ئەوەوە دەشێ بگۆڕێن، بەلآم عیشقی حەقیقی ڕووی جوانی کردگار دەبینێ و هەرگیز ڕووناکی و نوورەکەی ناکوژێتەوە, ڕەنگەکەی تەڵخ و ئاچوغ نابێتەوە, بینینی خەون لەنێو خەوندا لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە وشەی (هۆرم)ی بۆ بەکار هاتووە(هەژار،1384،ل956)، لە شیعری کوردیشدا بەکارهاتووە، لە دیوانی (خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ)ی شێرکۆ بێکەس واهاتووە:

تۆخەون بووی لەنێوخەونا

تۆ پیاوانی قەرەداغی وەك نەڕامسین...

وەك هەرێس سنگ تووکن و وەك دەربەندی باسەرە

چاو قایمت لەبیر نییە(شێرکۆ بێکەس، 1998،ل18)

کەریم دەشتی کاتێ نیوەدێڕی یەکەمی نووسیوە سەرەتای ئاوەژووکردنەوەی بیرۆکەکانی خستۆتە ڕوو، زۆر جار خەون فەزایەکی فراوان و کراوە دەدات بەخەیاڵی مرۆڤ، زۆر جاریش دەبیستین: دەڵێن خەون و خەیاڵت چییە؟ واتا خستنە ڕووی هیواکانی مرۆڤ، بەلآم شاعیر لە نێو خەونەکانیشی دا دەیەوێ زیاتر نقوم ببێت و بەقوڵی دا ڕۆبچێت, یاخوت دەیەوێ بڵێ خەونەکانی من سادەو سەرپێیی نین، بەڵکو لەنێو خەون خەونێکی تر دەبینم، کە کامڵترە، یا خاوەن تایبەتمەندی ترە، ئیتر نیوەدێڕی یەکەم دەروازەیەکی فراوان لەبەردەم خەیاڵەکانی شاعیر دەکاتەوە، چونکە لە ڕێی حوجەی خەونەوە دەتوانرێت خەیاڵ فراوانی بخرێتە ڕوو، وێنەی ئاوەژو و شتی چاوەڕان نەکراو باس بکرێت، چونکە هەرچەندە خەون بنەوان لە واقعی ڕۆژانەی مرۆڤەوە وەردەگرێ، بەلآم دواتر دەبێتە متوربەی خەیاڵێکی چڕتر، دەشێ بڵێین لەخەونمدا دووباڵم لێڕسکابوون و دەفڕیم، بەلآم لەواقیعدا ناتوانی بڵێی ئەمڕۆ دوو باڵم لێڕسکاو فڕیم, هەرچەندە هەموو خەیاڵەکان خۆیان لەبەردەم شیعرو جیهانی نووسینی ئەدەبی ئاوەلآدەکەن و نابنە بەربەست، بەلآم حوجەی خەون و خەوبینین دەروازەی خەیاڵ فراوان و ئاوالآتردەکەن.




هێڵکاری ژمارە(1)

ئەگەر هەموو شتەکانی لەخەوندا بینیبێ، یان شتە باس کراوەکانی دوای ڕستەی یەکەم خەونیش نەبن دەتوانین لەو هێڵکارییەی سەرەوە بیبینین و ناوی لێبنێین(هێڵکاری ئەم شیعرە)، هەموو مرۆڤێك بە دوو شێوە شتەکانی دەوروبەری دەبینێت و دەرکی پێدەکات: یەك: لە ڕێگەی (چاو)ەوە، بەڵام توانای بینینی چاوی مرۆڤ سنووردارە، چاوەکانی تەنیا ئەو شتانە دەبینێ کە شەپۆلەکانی لە نێوان (400 ـ 700) نانۆمەترن، واتا ئەو شتانە نابینێ کە شەپۆل کورتن، وەك تیشکی سەرووی بەنەفسەجی و شتە شەپۆلە درێژەکانی سەرووی تیشکی سوور. دوو: بینین لە لەرێی دڵەوە کە لە زمانی عەرەبی وشەی ( بصیر)ی بۆ بەکار هاتووە. لە دیدی فەلسەفە و باوەڕدارییەشەوە بینینی دڵ بایەخ و بەهای چەندین جار لە بینینی (چاو) باڵاتر و مەزنترە. تەنانەت خودا، کە سوێند دەخوات، هەمیشە ئەو شتانە دەکاتە سەرچاوەی سوێندەکەی کە یەکجار مەزنن، لە سوورەتی (ئەلبەقەرە) دا دەفەرموێ:

( فَلا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ. ومَا لا تُبْصِرُون)

واتا(سوێند دەخۆم بەوەی، کە دەیبینن و بەوەی کە نایبینن). دەبینین باس لە بینین کراوە.لێرەدا (لا) نەفی نییە بڵێن سوێند ناخوا.هۆکاری نزولی ئەم ئایەتە ئەوەیە، کە (وەلیدی کوڕی موغیرە)و (ئەبو جەهل) دەیان وت پێغەمبەر شاعیرە،(عوبە)دەیوت پێغەمبەر کاهینە...

هەڵبەتە لەرێی میتافۆڕەوە بینین بە(دڵ)یش بەخشراوە، کەسی نابینا مەزەندەی شتەکان دەکات، پەیوەندیش لەنێوان مێشك و دڵیش هەیە...((لە عیرفاندا چاوێکی تر هەیە کە چاوی دڵە، عارف جوانی

چاوی مەعشوقەکەی لە ڕێگەی چاوی دڵەوە دەبینێ))( فاروق ڕەفیق،2010،ل26)لە(ئینجیل)شدا لە زۆر شوێن باسی کرداری بینین کراوە، بۆنموونە کاتێ (عیسا) زیندوو بووەوەو هاتەوە ناو دۆست و هەوادارانی (تۆما) کەسێکی زۆر نزیکی بوو، گومانی هەبوو، بەلاّم دوای ئەوەی (عیسا)دەستی خۆی پیشان داو لەتەك خۆی داینا، ئینجا گومانەکەی ڕەوییەوە، (عیسا) پێی وت:( کاتێ کەمنت بینی باوەڕت پێکردم، ئافەرین بۆ ئەوکەسەی کە نامبینێ و باوەڕ دەهێنێ) ((أَمَنْتَ یا توما، لأَنَكَ رأیتَنی. هَنیئاً لِمَن أمَنَ وما رأی))(کتاب مقدس:أیه 29)

مەبەستمان لەو نموونەهێناوە هەوەیە، کە کرداری بینین چەندە قەناعەت پێکەرە لەچاو هەستەکانی تر، لەنێو دەقە ئاینەکاندا هاتووە، کە پێغەمبەر(موسا) داوای بینینی خوای کرد، خوداش لە کێوی تووڕ بەشێك لەڕووناکی خۆی پیشان دا...، واتا پێغەمبەرەکانیش حەزیان کردووە شتەکان ببینن .

کەریم دەشتی لەم دەقەدا، هەردوو شێوە بینینەکەی تەوزیفکردووە و (حەوت) جار (بینینی) بەکارهێناوە: (دوو) جار دەقی وشەکەی لە دوو بونیاتی زمانەوانی و فەرهەنگی بەکارهێناوە، وەك سەرواش بەکاری هێناون:

هەندێ جار لە نێو خەوندا خەون ئەبینم

لە نێو شـووشـەی ئاودا بیابان ئەبینم




هێڵکاری ژمارە(2)

ئەمانەی سەرەوە هەموویان پەیوەندیان بە بینینەوە هەیە، جا مەرج نییە هەر لە ڕێی کامێرای چاوەوە بێ! ئەو (شەوق)ەی دەقنووس لێرە ئاماژەی پێدەکا، نە شەوقی گڵۆپە و نە شەوقی کوڵمی یار... بارە دەروونییە ڕۆحییەکەی شاعیرە بە بەڵگەی ئەوەی کە وشەی (ئەزەل)ی کردۆتە پاشکۆ و لە دێڕی دواتریشدا دەڵێ:

وێنـەکانت بـە <u>ڕۆحـی منا</u> چەسپاوە.

شاعیر لە نێو شووشەی ئاو بیابان دەبینێ، ئاو لەجیهانبینی کەریم دەشتی دا بەهایەکی گرنگی هەیە، بەلای فەیلەسووفە بەرایییەکاندا، (ئاو و ئاگر و با)سێ شتن کە زۆریان هەڵوەستە لەسەر کردووە،

هەندێ فەیلەسوفیش لەپاڵ ئەم سێیانە(خاك)یش زیاد دەكەن، لەوانە (ئیمپیدۆكلس(Empedokles ی فەیلەسووفی پێش هاتنی مەسیح زۆر جەختی لەسەر ئەم چوار مادەیە دەكردەوە.

ئاو= ژیان+سەوزایی+خۆشی.../بیابان= وشكی+بێزاری+ڕەنگی مردوو...لە نێو پێنج هەستەكەی مرۆڤدا:(بینین، بیستن، بۆن كردن، چەشتن، بەركەوتن)، شاعیر لەم شیعرەدا بە هەستی (بینین)شتەكان مەزەندە دەكا، هەستەكانی تری فەرامۆش كردووە، هەرچەندە بینین لە نێو پێنج هەستەكەی مرۆڤـدا لە هەموویان زیاتر شاهید پێدەر ترە، واتا بۆنكردن و تام و لەمس و بیستن دڵنەوایی سەتا سەت نین بۆ بڕیاردان لەسەر شتێك، بەئەندازەی بینین، بۆنموونە بیستنی دەنگی شتێك ئەشێ كۆپی دەنگە سەرەكییەكە بێ، بەڵام زۆر جار بینین پتر جێگەی متمانە و دڵنەواییە، وەك لەكوردەواری وتراوە:((بەچاوی خۆت بینە، ئینجا حوكم بدە))، یان دەڵێن: ((بەچاوی خۆت ببینەو بەگوێچكەی خۆت ببیستە)). لە هەردوو گوتراوەكەدا، زیاتر بەهای بینین بەدەرخراوە. هەرچەندە كرداری بینینیش دەخرێتە ژێر گومانەوە، بەپێی تێڕوانینی فەیلەسوفان جەخت لەسەر (چاوی دڵ) دەكەنەوە بۆبینینی شتەكان، هەندێكی تر باس لەڕۆح و هەندێكی تر باس لەدرك پێكردنی هەستەوەری شەشەم دەكەن بۆمەزەندەكردن و پێشبینی شتەكان...بینینی بیابان مانای دروست بوونی ئەو گومانەیە، كە بەرەو لوتكەش دەچێ خۆی لەبنار دەبینێتەوە، كە ڕەنگە چاویش فێڵ لەمرۆڤـ بكات، وەك بینینی سەراب و شتی تر كە مەزەندەكانی ڕوانیین لەكورتی دەدەن. دواتریش لەنێو دەریادا تەرمی شەپۆل و نەورەسی كەنار دەبینێ، كە ئەمە بینینێكی ئاساییە، بەڵام لەجوغزی زمانی خەیاڵ و وێنەی شیعریدا، چونكە یەك بەدوای یەك داهاتنی شەپۆلەكانی دەریا، كە هەر شەپۆلەو شەپۆلێكی تر تێكدەشكێنێ، شاعیر بە مەرگی شەپۆلەكان وەسفی دەكا، واتا وێنەكە لە سەر بنەمای (بەبوونەوەر كردن)دروست بووە، كە فۆرمی مەرگ لە بوونەوەری ڕوح لەبەرەوە گواستراوەتەوە بۆ شەپۆلەكانی دەریا. لە نێو تابلۆكاندا مەرگی ڕەنگەكان دەبینێ، ڕەنگ لەتابلۆدا وەك ڕۆح و گیان وایە لەجەستەی بوونەوەرێكدا، چونكە بەداماڵینی ڕەنگ لە تابلۆیەكدا چوارچیوەیەك و پارچە تەختەیەكی بێ ڕۆح دەبینین، ڕەنگ زمانی تابلۆیەو لەڕێی ئەم زمانەوە ئێمە تابلۆیەك دەدوێنین، وەك خۆشی دەڵێ: (هەموو شتێ لەمەداری خۆی ترازاوە)، بۆئەوەی گومانەكانی خۆی بڕەوێنێتەوە دڵنەواییەكی ویژدانی بەخۆی بدات، دەڵێ بینیومە، كە كرداری بینین بەپێی دەقە ئاینییەكانیش شایەدی دەرێكی بەڵگەدارە، لەچاو هەستەكانی تر، كەچی پێی وایە بینینەكان لەئاست هەموو شتە بینراوەكان كوت دەهێنن و نەگەنە ئاكام، بەڵام تەنها (تۆ) كە مەبەستی كردگارە كە وەك شەوقی ئەزەل، واتا شەوقێكی نەبڕاوە، درەوشانەوەو تیشكێكی بەردەوام، وێنەیەكە بەڕۆحی شاعیر چەسپاوە، هەڵبەتە تەفسیرەكانی ڕۆحیش فرەن، بەڵام ڕۆح پابەندە بەژیان و بەردەوامی مرۆڤـ، بە مردنی مرۆڤت ڕۆحی دەردەچێت، بەڵام دواتر ڕۆح بە نەمری دەمێنێتەوە، چونكە بەپێی دەقە ئاینییەكانیش مرۆڤ جەستەو ڕۆحە، جەستە كۆتایی دێت و لەناو دەچێت، بەڵام ڕۆح هەرگیز كۆتایی نایەت، كەواتە لكانی وێنەی پەروەردگار بەڕۆحەوە مانایەكی قوڵی هەیە. مادەم ڕۆح نابیندرێ بۆیە بینینی وێنەكانی نێو ڕۆحیش بەچاوێكی ئاسایی نابینرێن، بەڵكو بەچاوی دڵ دەبیندرێن...لەدەربڕینی(تەنها تۆنەبیت)ڕاناوی سەربەخۆی كەسی دووەمی تاكی بەكار هێناوە، بەڵام لەدوا ڕستەی شیعرەكەدا دەڵێ:(وێنەكانت...)، واتا هەرچەندە شاعیر ڕاناوی سەربەخۆی كەسی دووەمی تاكی بەكارهێناوە، كە ئاماژەیە بە پەروەردگار، هەرچەندە لە ڕەهەندێكی سادەترو دیوی دووەمی شیعرەكە ڕەنگە شتێكی تر بێت، بەڵام لەكرۆكی دەقەكەدا زیاتر مەیل بۆ بۆچوونی یەكەم دەكا، شاعیر نەیوتووە(وێنەكەت)، وتوویەتی (وێنەكانت)، كەواتە لە جیهانبینی ئەودا بەروەردگاری تەنها، كە شاعیریش (تۆ)ی بەكارهێناوە، واتای تەنیایی ئەو دەردەبڕێت، بەڵام كۆمەڵێ وێنەی لەزەینی شاعیر

دروست کردووە، شاعیر نیشانەکانی خاڵبەندی بەکار نەهێناوە وێستگەی وەستان و هەڵوەستەو تێرِامان دەداتە دەست خوێنەر، ئەم شێوازەشی لە زۆربەی شیعرەکانی پەیرِەوکراوە.




هێڵکاری ژمار(3)

لەو هێڵکارییەدا لە تووخمەکانی بوون، (ئاو)کراوەتە سەرمەشقی شیعرەکە، کە ئەم مەدلوولانەی هەیە، بیابانیش لەجوغزی ئەم شیعرەدا ئەم مەدلوولانە دەبەخشێت، دەنا بەدەر لەم شیعرە، بیابان هەمیشە یەکسان نییە بە وشکی و بیزاری و مردن، چونکە زۆر بوونەوەر لەبیابان دەژین و خۆگونجاندنی سروشتییان هەیە لەگەڵ بیابان و تایبەتمەندییەکانی، بەڵام شاعیر وەك پارادۆکسێك بەرامبەر بە (ئاو) ئەو مەدلوولانەی گەرەکە.

لە شیعرێکی تردا بەرِوونی ئەم توخمانە دیارن ئەوەتا لە شیعری(خۆ نەبوون)دا، واهاتووە:

تەمەشا چەند سەیرە

من بەدوای ئەوینت وەکو پوشی بەربا

پەرش و بلآوی هەموو سەرزەوی کراوم

وەکو ئاو رِژاومە ناو هەموو بنارێ

وەکو گرِ لە هەموو خەمێك داگیرساوم

کە تۆ وای لەناخما

ئێستاکە دەزانم بەچ پەندێکی تووش براوم

من تازه بزانم هی خۆم نیم

من موڵکی ئاگر و با و ئاوم (کەریم دەشتی،2015،17)

تەوەرەی دووەم: کاریگەری و دیوێوەکانی تری شیعر:

سەبارەت بە دروست کردنی یاخوت بەرجەستەکردنی پەروەردگارێکی تاك و تەنها لەچەندان وێنەو شێوەی جۆراوجۆر لەشیعرەکانی تریشی دیارە، لە شیعرێکی تریدا کە لەژێرناوی(ئێستەتیك)دایەو دەڵێ:

دەچمە لێوارەکانی دەریا هەر تۆ دەبینم

دەچمە دارستان هەرتۆ دەبینم

دەچمەوە ڕابردوو

دەچمەوە ئاینده هەر تۆ دەبینم

تۆ یەکسان بوویت لەگەڵ کەون (کەریم دەشتی، 2012، ل14)

لە چەندان شیعری تردا کاریگەری خودی پێوەدیارە لە شیعری(خێرا خێرا بۆدواوە)دەڵێ:

دەچمە بناران ئێستاکە وێنەی تۆی لێماوە

دەچمەوە ناو لوولەی شمشاڵان

هێشتاکە ئاوازێ بۆئەوینم ماوە

دەچمەوە ئەشکەوتان

کە هێشتا شوێن پێی تۆ بەسەر کەڤەرو تاوێر هەرماوە (سەرچاوەی پێشوو، ل48)

کاریگەری خودی، واتا شاعیر پێشتر شیعرێکی نووسیوە، دوای ماوەیەك ئەم شیعرە دەبێتە هەوێنی لەدایك بوونی شیعرێکی تر یان چەندان شیعری تر، کە درێژە پێدەری شیعرەکەی پێشتر دەبێت، یان دووبارەبوونەوەیەکی بەدەسکاری و بەستایل و هەست و ڕاونینێکی تر بیرۆکەکان دەخرێنە ڕوو، لە نامیلکەی (سکڵی ناو خۆڵەمێش)دا لەو لاپەڕانەدا ئەوە دەبیندرێ:(10، 33، 37، 42، 44، 60، 70، 78، 82، 89)، مانای ئەوەش نییە ئەم دووبارە بوونانە وێنەیەکی بێزارکەری کۆپی یەکتر بن، نەخێر وێنەو ڕوانینی جیاوازن، بەڵام لەچوار چێوەیەك و لەنێو یەك کەش و هەوادان. کەواتە کاتێ شاعیر دەڵێ:(وێنەکانت)ئەوا بینینی ڕووی پەردگارە لەنێو شتەکاندا، واتا ڕوحێ خودا فەنابووە لەنێو هەموو شتەکان، لەبەرئەوەی کە هەمووشتێك دەستکردی ئەوبێ، کەواتە جوانییەکانی ئەو دەبینرێن، واتا هەرچەندە کردگار یەکەو نابێ بەدوو یان سێ، بەڵام ئەشێ بەزۆر شێوە ڕووی خواوەند ببینین، ئەگەر بەشێوە ئاساییەکەی بە کەسێك بڵێین وێنەکەت، ئەوا دەزانێ یەك وێنەیە، بەڵام کە وتمان وێنەکانت ئەوا کۆمەڵێ وێنەی هەمان کەسە، بەڵام لێرەدا وێنەکان هەمووی کۆپییەکی سەدتا سەتی یەکتر نین، بەڵکو شێوەی جیاوازن و لەشوێنی جیاواز دەبینرێن، چونکە ئەگەر کۆپی سەتا سەت بن پێویست ناکا شاعیر کۆمەڵێ وێنەی کۆپی کراو بەڕووحی خۆی بلکێنێ، بەڵکو هەروێنەیەو تایبەتمەندییەکی هەیەو دەیەوێ

ڕۆحی خۆی سیخناخ بكات بەوێنە جوانەكانی كردگار، (بابا تاهیری هەمەدانی)ش شیعری لەم شێوەیەی هەیە، كە ڕووی خوداوەند لەچەندان تابلۆ دەبینێ و لەهەموو شوێنێكەوە دەورەی داوەو هەستی پێدەكاو ئاوێتەی شتەكان بووە، لەشیعرێكی دا دەڵێ:

بەدەریا بنگرم دەریا تو وینم

بەسەحرا بنگرم سەحرا تو ینم

بەهەر جا بنگرم كۆه و دەر و دەشت

مەگەر ئان دەم كە زیبایی تو وینم (د. مارف خەزنەدار،2010،ل234)

واتا بەدەریادا بگەڕێم، یا ڕووبكەمە دەریا تۆ دەبینم، بەبیابان و هەرشوێنێكی تردا بگەڕێم هەرتۆ دەبینم، بەهەر شوێنێك دا بڕۆم ڕووە جوانەكەی تۆدەبینم...، شاعیر لەم دەربڕینانەدا، دەڵێ ئەی پەروەردگار تۆ زۆر لەمنەوە نزیكی، ئەوەتا ڕوو لەهەر شوێنێك دەكەم تۆ دەبینم و هەستت پێدەكەم، هەر ئەم جۆرە بیرۆكانە بوو كەسێكی وەكو(مەنسووری حەلاج) خودای زیاتر لەخۆی نزیك دەكردەوە دەیوت خودا لەنێو من دا تواوەتەوەو شەتەحات و وتەی زۆری دەردەبڕی.

دەكرێ, ڕەهەندی بونیاتگەری زایەندگەرایی شیعریش لێرەدا خوێندنەوەی بۆ بكرێ, (فازیل شەوڕۆ) دەڵێ:((زاراوەی (زایاندن) لە بری وشەی (تولید)ی عەرەبی و وشەی(generate)ی ئینگلیزم بەكارهێناوە))(فازیل شەوڕۆ،2015،ل98)-جۆمسكی- لە كۆتایی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو ئەم زاراوەیەی خستە ڕوو: هێندەی پێنەچوو پەلوپۆی بۆبوارەكانی فەلسەفەو دەروونناسی هاویشت(سەرچاوەی پێشوو، ل98) لەم بارەیەوە جۆمسكی دەڵێ:((زمان داینەمۆیەكی تایبەتمەندە، توانای زایاندنی ژمارەیەكی بێسنوور لە وشەو دەستەواژەو ڕستەی نەبیستراو و نەبینراوی هەیە، كە پێشتر كەس پێیان ئاشنا نەبووە، زمان تەنها ئەو قامتە وشەو ڕستانە نییە، كە مناڵ لە باوانییەوە دەیبیستێ و دووبارەی دەكاتەوە))( سەرچاوەی پێشوو، ل98) شاعیر دەمێكە وەستاكاریی لەم جۆرە بونیاتگەرییەدا دەكات. لێرەدا, یەكەم بیروكەی (دایك) , (خەونە). دواتر چەندین نەوە لەدوای ئەم خەوەوە دەزێن، وەك: ( ئاو/ لوتكە/ دەریا/ هەموو شتێك/ تۆ/ ڕۆح). ئەوانەی شارەزای دەقەكانی كەریم دەشتین, كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەم شاعیرە یەكجار زۆر خۆی بە هونەری(وێنەی كونتراست Contrast Images ) خەریك دەكات، ئەدۆنیس دەڵێت:((شیعری هاوچەرخ لێوان لێوە لە كۆنتراست، چونكە ئازارو ئەشكەنجەكانی شاعیر هێندە زۆرن ناچار هانا بۆگەڕانەوەی ڕەمزی دەبەن، كە دەرهاویشتەی ئیحای خەیاڵی فراوانی خۆیانە))( سەرچاوەی پێشوو، ل97)بۆیە لە نێو زایەنگەرایەكەشیدا، ڕەنگی داوەتەوە: بڕوانە: ئاو: بیابان/ لوتكە:بنار/دەریا: كەنار...)، ئەم گەمەكردنە بە وشە و پێكانی نیشانەی دیاریكراوی بیرۆكە، كارێكی وا ئاسان نییە لە پارسەنگ ڕاگرتنی كۆنتراستەكە و هێنانەوی تای تەرازووی مەبەست و بیرۆكەی دەقەكە، ئەگەر دەقنووس خاوەن ئەزموونێكی شیعریی باش نەبێت .

تەوەرەی سێیەم: دەق لە نێوان سادەیی و ئاڵۆزیدا-:

خوێنەر لەیەکەم سەرنج دان دا خۆی لەبەردەم دوو جۆرە دەقدا دەبینێتەوە،دەقی سادەو دەقی ئاڵۆز، دەقی سادە ئەودەقەیە زمانەکەی ئەو وشانەن، کە زۆر باون و خوێنەر بەئاسانی لێیان تێدەگا، ئەگەر چی زۆر جار تێگەیشتنێکی ڕووکەشانە بەخوێنەر دەدا، مانای ئەوەنییە ئەودەقەی زمانێکی سادەی هەبێ دەقێکی لاوازە، نەخێر هەرگیز وانییە، بۆنموونە شیعرەکانی (گۆران)سادەن، بەڵام بەهێزو پتەون.

سەبارەت بەدەقی ئاڵۆز: ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە وشەی فەرهەنگییان زۆر تێدایە، خوێنەر پێویستی بەوەیە کە لەدوتوێی فەرهەنگەکان بۆیان بگەڕێ، لەپاڵ ئەوەش پێویستیان بەچەند جار خوێندنەوەش هەیە بۆدۆزینەوەی سەرەداوی بابەتەکان، زۆر جاریش لەڕێی زمانێکی سادەوە تەم و مژی واتایی دروست دەکرێت وەك لە هەندێ لە شیعرەکانی(مەحوی)دا، لەنێوان ئەم دوو جۆرە دەقەشدا دوو جۆرە نووسینی تر هەیە، جا چ بەزمانێکی سادە نووسرابن، یان بەزمانێکی ئاڵۆزی پڕزاراوە، تەموو مژێکی زۆر بەرپا دەکەن و وا لەخوێنەر دەکەن کە چێژ لەدەقەکە وەرنەگرن، ئەم دەقانە زیاتر وڕێنەی شیعرین و خوێنەر هیچی لێناکرێنێتەوە، مەبەستمان ئەوە نییە کە دەق دەبێ زوو خۆی بدا بەدەستەوە، دەقی جوان ئەودەقەیە بۆهەمیشە پارێزگاری لە ستاتیکای خۆی دەکات، جا بەزمانێکی (سادە) نووسرابێ، یان (زمانێکی پڕ لەزاراوە)، یا (زمانێکی سادەی ڕەهەند قوڵ)، یا(زمانێکی پڕزاراوەی فەرهەنگی و ڕەهەند قوڵ).واتا دەق هەیە بەزمانێکی سادە نووسراوە، بەلآم تێگەیشتنی قورسە، چونکە وشەکان بارگاوی کراون بە زۆر ماناو مەدلوول، هەڵبەتە بوونی وشەی نامۆ و کەم بیستراو لە نێو دەقدا دۆزینەوەی مانای وشەکانیش زۆر گران نییە، گرنگ ماهیەت و کرۆکی شیعریەتە لەنێودەقدا، کە هەموو پێکهاتەکانی شیعر لەوانە:(بیر، خەیاڵ، سۆز، هەست، نەست، واقیع، مۆسیقا، وێنە...) لەدەقێکی (جەستەزمان)دا دەبینین، بەلآم ئەم زمانەش بارگاوییە بە ماهیەتی شیعر، دۆزینەوەی وێنەی نوێ و شێوازی دارشتنی وێنەکە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە ستاتیکای شیعرەکە، خانمە ڕەخنەگری عەرەب(زهر بن سید):سەبارەت بەزمانی شیعری هاوچەرخ دەڵێت: ((زمانی شیعری نوێ، زمانێکی تەم و مژاوییە بە ئاسانی خۆی بۆخوێنەر ئاشکراناکات، تەموو مژاوییە بەقەدەر تەم و مژاوی ژیان، ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و هەڵچوون و ئێش و ژانی مرۆڤەکانە))( زهير بن السيد، لغة الشعر الحديث. 2012)، (کەریم دەشتی)ش سوکنایی بەوەنایێ کە کردگار تەنها لە تابلۆیەك بەرجەستە بکات، بۆیە بەشێوازی جۆراو جۆر دڵەڕاوکێی خۆی بەرامبەر بەبوون دەخاتە ڕوو، ئەوەتا شاعیر لە شیعری(بەچیا هەڵگەڕان)دا دەڵێ:

کە بانگت دەکەم هێند دووری ئاوەکان وەلآم دەدەنەوە

کەبانگت دەکەم هێند دووری دارستانەکان وەلآم دەدەنەوە

بۆیە سەرسامم نازانم

چۆن لەزەوی جیاتکەمەوە (کەریم دەشتی، 2012،ل 40)

شاعیر سەرسامی دڵەڕاوکێی خۆی دەخاتە ڕوو بەرامبەر بە (کردگار)، هەر لەو خاڵەشەوە ناوەستێ و گومان و شڵەژانەکای نارەونەوە، بۆیە لە شیعرێکی تردا، کە بەناوی(پووشی بەربا)یەو پێچەوانەی ئەم شیعرەیەو دەڵێ:

بێ تۆ من هەبوونم نییە بێ تۆ من چیم

تۆ هەمیشە لەتەکمەوەی

لەناو لەپی دەستەکانمی

لەناو گلێنەی خوێنمی

لەناو کتێب و قەڵەم و پەڕەکاغەزەکانمی

لەناو سێبەرو سایەمی

بۆیە هەرگیز من تەنها نیم(سەرچاوەی پێشوو، ل72)

لەم دەقەیاندا خودا زیاتر لەخۆی نزیك دەکاتەوەو وەك (مەنسووری حەلاج)ئاوێتەی ڕۆح و گیان و جەستەو شت و مەکەکانی دەکات.

ئەم دەقەی کەریم دەشتی، کە مەبەستمان دەقی یەکەمە، بەزمانێکی سادە نووسراوە، بەلآم هەڵگری مەدلوولاتی قوڵە، وشەکانی(بنار- کەنار، ترازاوە-چەسپاوە)بەشێکی مۆسیقای شیعرەکەیان دابین کردووە، چوار جاریش گوتەی(لەنێو)پات بۆتەوە، هەر ڕِستەیەکی ئەم شیعرە مانای ترت پێدەبەخشێ، وەك دەڵێن لێکدانەوەی دەقیش مانای لەدایك بوونی دەقێکی ترە، ئەوکاتەش دەقێکی تر لەدایك دەبێت و مەعریفەی نوێ دەخرێتە سەر مەعریفەی شیعرەکە، کە بتوانین چەند نهۆمێکی تر بخەینە سەر باڵەخانەی شیعرەکە، زۆر جار دەبینین، کە لێکدانەوە بۆدەقێکی شیعری کراوە، ڕێك دێرە شیعرەکە کراوەتەوە (پەخشان) و هەمان بیرۆکەی دەقەکە دارێژراوەتەوە، ئەم جۆرە لێکدانەوانە نەك هەر نابنە هۆی لەدایك بوونی دەقێکی تر، بەڵکو دەبنە بار بەسەر دەقەکەو بەسەر ڕەخنەی ئەدەبیش، چونکە ئەم جۆرە لێکدانەوانە هیچ زانین(مەعریفە)ی نوێ ناخەنە ڕوو، ئێمە هەوڵمانداوە تارادەیەك بەنێو کرۆکی دەقەکان شۆڕببینەوەو گرنگی زیاتر بەدەقی یەکەم بدەین، هەڵبەتە هیچ کارێکیش کامڵ نییەو لە هەموو سەردەمێکیشدا ڕەخنەی ڕەخنە پێویستە .

ئەنجام:

لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین:

*کەریم دەشتی خاوەن جیهانبینییەکی تایبەتە بۆ بون و کەون، شیعرەکانی ڕەهەندێکی فکری و فەلسەفی لە خۆدەگرن.

*لە زۆربەی شیعرەکانی زیاتر لەڕێی چاوەوە هەست بەبوونی خودا دەکات،هەستەکانی تر فەرامۆش دەکات و زیاتر هەست دەکات حەقیقەتەکان بەچاو ببینێ و لەڕێی ئەوەوە دەگاتە پلەی یەقین، تەفسیرەکانی چاویش زۆرن، جا چاوێکی ڕووکەشانە بێت، یان چاوێکی ناوەکی کە زیاتر شۆڕبێتەوە بۆ زەین و هەست و شعوور.

*زۆربەی نموونە هێندراوەکان لەسەر بیرۆکەی کۆنتراست و زایاندن بنیات نراون، واتا دژیەکی لەنێوان وشەکان کردووەو لەبەرئامێزی وشەو بابەت بابەتی تر لەدایك بووە، بۆیە خوێنەر دەخاتە دوو جۆرە بەراوردەوە .


کورتەی باس

ڕەهەندەکانی پەروەردگار لەدەقەکانی کەریم دەشتی دا، لێکۆڵینەوەکە لە ڕاڤەی دەقێکی شیعرییەیەو پەل و پۆ دەهاوێ بۆکۆمەڵێ دەق، کە تێیدا کۆمەڵێ ڕەهەند خراوەتە ڕوو بۆبوونی پەروەردگار.شاعیر سوودی لەدەقی تری کوردی ووەرگرتووە، لەڕێی هێڵکارییەوە زیاتر دەقەکان شیکراونەتەوە، ماناو کرۆکی دەقەکان بەرجەستە کراون.شاعیر زیاتر لەشیعرەکانیدا، لەڕێی هەستی بینینەوە دەیەوێ هەست بەبوونی خودا بکات و بگاتە پلەی یەقین.کلیلە وشەکان ئەمانەن: ئەدەبی کوردی، ئەدەبی مۆدێرن، کەریم دەشتی، شیعر، ڕەهەندەکانی پەروەردگار.



ملخص البحث

هذا الموضوع بعنوان(ابعاد الخالق)في اشعار الشاعر(كريم دشتى)، وسبب اختيار هذا الموضوع يعودُ الى ان النصوص تحتوى على هذه الابعاد.

معَ تحليل النص نحتاجُ الى نصوص شعريه أخرى للشاعر ولشعراء أخرونَ، لكن نستطيعُ القول بأن هذه النصوص تسلطُ الضوء على هذا النص وتدققُ فيه اكثر، لذالكَ بداية وأساس هذا النص الذى أبرزنا فيه روئيه الشاعر.

بعد تحليل النصوص والتخطيط لها أظهرنا الشعر، بعد ذلكَ نتكلّم عن ستاتيكا هذا النص ونتكلم عن النصوص الشعرية بينَ المعقدة والبسيطة.

**سەرچاوەکان:**

کتاب مقدس/ قرأن کریم

کتێب:-

1- شێرکۆ بێکەس، 1998،خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ،چ2، سلێمانی،چاپخانەی خاك.

2-فاروق ڕەفیق، 2010،هونەری عیشق ب1، سلێمانی،چاپخانەی سەردەم.

3- کەریم دەشتی،2012، سکڵی ناو خۆڵەمێش،هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

4- مارف خەزنەدار(د.)، 2010 ،مێژووی ئەدەبی کوردی، ب1،چ2، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

فەرهەنگ:

-هەژار،1384،هەنبانە بۆرینە، چاپی چوارە،تهران،سوش.

گۆڤار:

- فازیل شەورۆ،2015، هونەری بونیادگەری گەڕانەوەو زایاندنی شیعری لە دوو دەقی کەریم دەشتی دا، گۆڤاری: نۆزدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ،ژمارە16.

ڕۆژنامە:

-کەریم دەشتی,خۆنەبوون، ڕۆژنامەی هەولێر،ژمارە1161 ،2015.

فەیس بوك:

-کەریم دەشتی، فەیس بووکی کەریم دەشتی،ئەم شیعرەی تویێژینەوکەی لەبارەوە کراوە24-12-2015 پرس بە شاعیر کراوە ئینجا وەرگیراوە.

سەرچاوەی ئینتەر نێت بەزمانی عەرەبی:

-زهیر بن السید،2012, لغه الشعر الحدیث..، almol3/vb/shawthread.php لە 1-12-2015 وەرگیراوە.